# کرێکار هەناوی ڕەش کردینەوە:

ناو: کرێکاری کوڕی خەلفەی کوڕی وەستا
ناونیشان: بەیانیان و ئێواران لەبەر دەرگا
بڕوانامەکان: دبلۆمی هونەری لە سەقف شکاندنا
ماجستێر لە دیواری بەرد و بلۆك و خشتا
هەشت ساڵ ئەزموون لە تەختە بەستنا
دکتۆرای فەخری لە گەچکارییا
ئارەزوو: سیل و دیق بە ئەم و بە ئەو
وەعد بەخشین بە شەش حەوت زەلام لە عەینی وەختا
دەسبڕین بە مەترەکاری
سیخورمە سالی نۆیەم 1ئایاری 2005

**نووسینی بەکر ئەحمەد**
**8ی ئایاری 2005**

**یەکێك لەو باسە داغانەی لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ کوردستان لە سێپتێمبەری ساڵی پاردا کە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی شارێکی وەك سلێمانی و هەندێك ناوچەی تردا باسی لێدەکرێت, گیرخواردنی بەشێکی هاولاتییانە بە دەست کرێکارەوە. "بابە گیان هەناوم ڕەش بۆتەوە بە دەست کرێکارەوە, کەس ئامادە نییە کار بکات, یان بە ئارەزووی خۆیان کار دەکەن."**
**ئەم یاخیبوون و ئامادەنەبوونەی بەشێکی زۆری کرێکارانی کوردوستان بۆ فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان بەو شەرتەی کە کەسانی دیکە دەیانەوێت, هاوکاتە بە و پرۆسەی بیناسازییە بێ نەخشە و پلانەی کە سەرتا پای ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی گرتۆتەوە. کارێك کە ئەگەر بۆ ساتە وەختێکیش بێت , جۆرێك لەدەسنەکەوتنی هێزی کاری کرێکارانی بیناسازی لە کوردستاندا بە وجود هێناوە, هاوکاتیش شەپۆلێك لە کرێکارانی تری شارەکانی تری عێراقی ڕاکێشکردۆتە ناو بازاڕی کوردستانەوە.**

**سەیریش لەوەدایە, بەشێك لەو کەسانەی کە لە نەبوونی هێزی کاری پێویستدا بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانیان لە نەبوونی کرێکار دەناڵێنن, بە گاڵتەوە دەڵێن:" ئەمە ئەو پرۆلیتاریایە کە چەپەکان بە شان و باڵیدا هەڵدەدەن." ئەوەی کە بۆ من جێگای سەرنجە, پرۆسەی هەناو ڕەش بوونی کەسانێکە بە**

دەست کەسێکەوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستان و زۆر شوێنی دیکەی جیهانی بەناو سێدا, بڕیار بوو پاکژکەرەوەی هەناوی ڕەشهەڵگەراوی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە کاری کرێگرتە و کاریگەرییە ئابوورییە, کۆمەلایەتییە, کولتورییەکانی , لە یەك بە یەکی شانەکانی جەستەی کۆمەڵگادا کاریگەری داناوە.
"کرێکارانی بیناسازی ئەمرۆکەی کوردستان تەمبەڵ بوون, هینی خۆیان شۆڕکردۆتەوە و بە کەیفی خۆیان کار دەکەن", ئەگەر دەردی دڵی زۆرێك لەو کەسانەی کە دەبنە خاوەن مالی نوێی ئەمرۆی کوردستان, بهێنرێتە سەر کاغەز, ئەوا لەم دەربڕینانە برینداركەر تر و تەنانەت توووند تر دێنە بەر گوێ.
واقعییەتیش ئەوەیە لە مرۆی کوردستاندا کرێکارانی بیناسازی, لانی کەم خۆیان بڕیاردەری ئەوەن هێزی کاری خۆیان "ئازادانە" لە بازاڕی ئازادی کوردستاندا بفرۆشن. واتا ئەوەی کە بە پرۆسەی " عەرز و تەڵەب"ی کالا دەناسرێت, بە تەواوی هێزی خۆیەوە لە کاردایە.
ئەم سەرگوزشتانەی کە لێرە و لەوێ دەبیسترێن و کەمتریش هێنراونەتە سەر کاغەز, خالی دەسپێکردنی من دەبێت بۆ سەرنجدان لەو ئالوگۆڕەی کە بازاڕی ئەمرۆی کوردستان لە بەرانبەر بەشێك لە چینی کرێکاردا هێناویەتە ئاراوە, سەرنجدانێك کە خالی دەسپێکردنەکەی "تەمبەڵ" ی و "ئامادەنەبوون بۆ کارکردن"ی بەشێك لە کرێکارانی کوردوستان نییە لە هەنگاوی یەکەمدا, بەڵکو سەرنجدانێك دەبێت لەو کائینەی کە بە کرێکار دەناسرێت و زرنگانەوەیەکی گەورەی لە گویماندا پێك هێناوە. ئەم ناو و ناتۆرانەی کە لە شێوەی گلەیی و گازندەی بەشێك لە خەڵکی کوردستانەوە باسی لێدەکرێت, بەر لەوەی چیرۆکی کارنەکردنی فلانە کرێکار بێت, لە خۆیدا بەرز نیشاندانی وێنەی ئەو قارەمانەیە کە بزووتنەوەی چەپ لە مێژووی کوردوستاندا نەخشاندوویەتی. بەلام وێنەیەکی پڕ لە دژایەتی, لەلایەك وێنەکە پۆزەتیڤ بەرجەستەدەکرێتەوە بەو چاوەڕوانییانەی کە کۆمەڵگا لە پرۆلیتاریای هەیە کە خولقێنەری دنیایەکی دیکەیە ئەگەر خۆی بۆ ئەو مەبەستە بێتە مەیدان, لەلایەکی دیکەوە , وێنەی کرێکارێك دەداتە دەست کە بێ دەنگ و وشە لە زارەوە دەرنەهاتوو کە ئەگەر هەرچییەکی پێبووترێت دەبێ جێبەجێیکات.
بەلام لە هەر دوو لایەنی وێنەکەدا, ئەووی وندەبێت و دیار نییە , ڕوخساری ڕاستەقینەی پرۆلیتاریایەکە کە وەك قارەمانی چەپ دەناسرێنرێت. کۆشی من لەم نووسینەدا, گەڕانەوەی دەموچاوی ڕاستەقینەیە بۆ کرێکار وەك ئەوەی مارکس مەبەستییەتی, نەك وەك ئەوەی بزووتنەوە سیاسییە کۆمەلایەتییەکانی دیکە لە کرێکاریان نەخشاندووە.
ئەگەر پێشمەرگە, ڕۆحی گوتاری ناسیۆنالیزم بووە, ئەوا کرێکار بۆ بەشێکی زۆری بزووتنەوەی چەپ لە کوردوستاندا, هەمان جێگای هەبووە. ئەگەر چی کرێکار لەلایەن زۆرێك لە بزووتنەوە سیاسییە چەپە ناسیونالیستەکانی عێراق و کوردوستانەوە, لە مێژوویەکی درێژدا, جێی بە کەسێکی تر پێدەگیرێتەوە کە جووتیار یاخود گەلە . بە واتایەکی دی, "گەل " و "جووتیار" لە ئەدەبیاتی چەپی سوونەتی عێراق و کوردوستاندا, ئەو ناوانەن کە لە پاڵ "داس و چەکوش"ی ئەو هێزانەدا, بە دەموچاوێکی ترەوە ئامادەیییان هەیە.
لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا, پێشمەرگە ئەو کائینەیە کە لە هەموو خەسڵەتێکی سەر ئەرزی دابڕاوە و کراوەتە کائینێکی ئەفسانەیی. پێشمەرگە هێندە لە سۆپەرمان نزیك دەبێتەوە, هێندە بە زیندەوەرێکی

زیندووی ناو کۆمەڵگا ناچێت. بێگوومان پڕوپاگەندەی ناسیۆنالیستی و شەڕی چەکداری ئەو چوارچێوە سیاسییە ئایدیۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەن کە چەمکی پێشمەرگەی تیا پێناس و دووبارە پێناسدەکرێتەوە.
دروستکردنی کائینێکی ئەفسانەیی لە پێشمەرگە, هەر بەتەنها بە شوێن دیلکردنی ئەو کائینەوە نییە لە ناو زیندانەکانی "ئەفسانەئاسای" پێشمەرگە خۆیدا , بەڵکو پەیامێکی کۆمەڵایەتییانەی تری هەیە ڕوو بە کۆمەڵگا.
لە دۆخی یەکەمییاندا, واتا بە "ئەفسانەییکردنی" کەسایەتی پێشمەرگە, ئەو دەخاتە ناو جەنگێکی هەمیشەیی نەبڕاوە لە گەڵ خۆدا. جەنگێك کە تایبەتمەندییە زاتییە فیزیکییەکانی ئینسان جۆرێك لە ژیان و نۆرمی ئینسانی بۆ دەسنیشانکردووە, لەولایشەوە ئەفسانەی "پێشمەرگە بوون" کۆمەڵێك چوارچێوە و سنووری تری بۆ داڕشتووە کە ئەو دەبێت وەك پێشمەرگە بە ووردی ئاگادارییان بێت و ملکەچی ڕێساکانی بێت.
پێشمەرگە لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا, دەبێت کون لە جەرگیدا نەبێت, هەمیش ئامادە و هەمیشە ڕاوەستاو لە بەرانبەر مەرگدا. ترس لێنیشتن, نەوێران و گریان, پێکەنین, تەواوی تایبەتمەندییە فیزیکییە زاتییەکانی ئینسان کە دەبوایە بەشێکی سروشتی و دانەبڕاوی خەسڵەتی ئینسانەکان بێت, لە ژێر کاریگەری ئەفسانەکانی پێشمەرگە بووندا دەبێت ئاسەوارییان کوێر بکرێنەوە و بچە پێنرێن. وای بە حاڵی ئەو پێشمەرگەیەی لە دواوە بریندار دەبێت, وای لە حاڵی ئەو پێشمەرگەیەی ئەگەر لە دووری سەدەها کیلۆمەتریشەوە بووە بتوانێ بە جلوبەرگێکی ئاسایی غەیری سەربازییەوە بیەوێت بخەوێت. ئەو ڕۆڵەی کە بە پارێزەری ئەم "شاخانە" دەسپێردرێت, دەبێت پێشمەرگە لە تەواوی خەسڵەتە ئینسانییەکانی خۆی بخات و بۆ ئەوەی بتوانێت پڕاوپڕی وێنەی ئەو کائینە ئەفسانەیی بێت کە ناسیۆنالیزم بۆ پێشمەرگەی کێشاوە .
وێنەی ئەم سۆپەرمانە هێندە بەرز دەکرێتە وە و لە قەوارەی خۆی جێگای بۆ داگیردەکرێت, کە نوکتەی لە چەشنی" پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە دەبابە دەخوات و بە عەموودی کارەبا دانەکانی پاکدەکاتەوە" دەبێتە بەشێك لەو دژە وێنانەی کە لە ڕێگای نوکتەوە دەیەوێت پێشمەرگە بگێڕێتەوە بۆ ناو شوناسە ئینسانییەکەی خۆی.
بەڵام ئەفسانەکانی پێشمەرگەبوون هەر تەنها بە شوێن ئامادەکردن و لە پێشەوەی مەرگدا دانانی ئەو کەسانە نین کە دەبێ چەکلەشانی هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد بن و لە ناو زیندانەکانی کائینێکی ئەفسانەیدا واز لە خەسڵەتە ئینسانییەکانی خۆیان بینن, بەڵکو بە دیوێکی تریشدا, ئەم ئەفسانەسازکردنە لە پێشمەرگە لە کۆمەڵگادا کاریگەرییەکی دیکە دادەنێت کە بێئیرادەکردنی جەماوەرە لە دەسبردنیدا بۆ هەرکارێکی شۆڕشگێڕانەی دیکە. واتا چەمکی:" ئەگەر پێشمەرگە نەبێت, شاخەکانمان هەتیو دەبن" , بە جۆرێکی تر لە کۆمەڵگادا کاریگەری دادەنێت کە ئەگەر ئەم کائینە ئەفسانەییە نەبێت, شارەکانیشمان هەتیو دەبن.
بەوەی کە سەرتاپای مێژووی ناسیونالیزمی کورد و خەباتەکەی لە گشتییەتی خۆیدا خەباتی چەکدارییە , هیچ جێگا و ڕێگایەك بۆ خەباتی دیکەی جەماوەری نامێنێتەوە, ئەگەر چی دڕندەیی ڕژێمێکی وەکو بەعسیش نەیدەتوانی بەر بە خەباتی جەماوەری ناو شارەکانی کوردستان بگرێت, بەڵام گوتاری

ئەفسانەسازکردن لە پێشمەرگە لە ناو جەماوەرێکی بەریندا کاریگەری گەورە دادەنێت. کشانەوەی یەکەمین مەفرەزەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان لە ئاخرین ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا, بە کەمەرشکاندنی ئیرادەی هەزاران کەسی دیکەی ناو شارەکانی کوردستان کۆتایی دێت. وەك ئەوەی بڵێیت کە ئەگەر پێشمەرگە نەبێت, جەماوەری بەرینی خەڵك هیچیان پێناکرێت . گەورەیی ئەم کاریگەری ئەفسانەسازییە لە پێشمەرگە, لە بڕگە مێژووییە جیاوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کولاردستان و بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورددا, دەیەها نموونەی زیندووترمان نیشاندەدات.

بەڵام لەمڕۆدا و لە پاش شەڕی ناوخۆوە و دەسەڵاتدارێتی باوکی ئەو بزووتنەوەیەی کە لە خوڵقاندنی ئەفسانەکانی پێشمەرگە بووندا وەستای گەورە بووە, پێشمەرگە ئەو ڕەونەقەی نامێنێتەوە و و زیاتر بە ئینسانێکی عادی ناو کۆمەڵگا نزیکبدەبێتەوە, بە تایبەتیش کاتێك ئەو لەمڕۆکەدا وەك هەر کرێکارێکی کرێگرتە خاوەنی مووچەی مانگانەی خۆیەتی و پشووی هەیە و چاویلکەی مارینز لە چاو دەکات و دڵداریش دەکات.

نیشاندانی ئەم وێنە ئەفسووناوییەی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و یەکێك لە قارەمانەکانی, بۆ دەرخستنی دژایەتی نێوان خودی پێشمەرگەیە وەك ئینسان و ئەو تایبەتمەندییە دروستکراوانەی تر لە پێشمەرگە کە پرۆژەیەکی سیاسی لە پشتییەوە کار دەکات. هاوکات بۆ تێگەیشتنە لە کرێکار, وەك پاڵەوانی بزووتنەوەیەکی دیکەی سیاسی کە لە یادەوەری کۆمەڵگا و ئینسانەکانیدا, بە جۆرێکی تر نەخشێنراوە. هەر بۆیەش لە قسەوقسەلۆکی سەرجادەکانی کوردستانەوە سەبارەت بە و پڕۆلیتاریایەی بڕیار بوو ڕزگارکەر بێت, کەچی کەڵەکچی و فێڵباز دەسڕخۆی دەنووێنێت, دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر وێنەی کرێکار و ئەو ئەفسانانەی کە لەسەر ئەو دروستکراون.

## وێنەی کرێکار و بزووتنەوەی چەپ

بۆ مارکس, دەستگرتن بە کرێکارەوە و بەکارهێنانی ئەم کائینە وەك ڕزگارییەخشی کۆمەڵگا, هیچ بنەمایەکی نەداری و هەژاری و تەنانەت سیفاتە باشەکانی ئینسانی نییە. لە زەمەنی مارکس و شۆڕشی پیشەسازیدا دەیەها گرووپی جۆراوجۆری دیکەی کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەیە کە لە باری نەداری و هەژاری هەلومەرج خراپی ژییانەوە, چەندین جار لە پڕۆلیتاریا هەژار و نەدار تر بوون, بەڵام هیچ کام لە و گروپانە نابنە "قارەمان"ی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیەی کە مارکس لە ڕێگەی دژایەتییە ناکۆکییەکانی ناو سیستەمی سەرمایەدارییەوە بە پرۆلیتاریای دەبەخشێت. بۆ مارکس ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە جێگا و ڕێگای ئەم کائینەدایە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا و لە و هاوکێشەیەی کە دژایەتی نێوان کار و سەرمایە خوڵقاندوویەتی. پرۆلیتاریا بەوەی تاکە چینێکە لە موڵکایەتی تایبەتی دەسکۆتاکراوە و ناچاردەکرێت کاری ڕۆژانەی خۆی بفرۆشێت, توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەی هەیە کە لەسەر موڵکایەتی تایبەتی هەڵچنراوە. بێگومان ئەمە نەك بە و تەفسیرە میتافیزیکییەی کە کۆمۆنیزمی ڕووسی لە پەیوەند بە چەمکی "حەتمییەتی مێژووەوە" لە زەهنی بەرەیەکی گەورەی ئینسانە چەپەکاندا خوڵقاندوویەتی,

بەڵکو ڕێك بە مانای ئەو پرۆلیتاریایەی کە مانیفێستی مارکس بەیاننامەی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیەتی. واتا پرۆلیتاریایەك کە کە دەیەوێت مولکایەتی تایبەتی هاڵوەشێتەوە تا نەك هەر خۆی، بەڵکو خودی کۆمەڵگاش لە دیوەزمەکانی موڵکایەتی تایبەت ڕزگار بکات. بە واتایەکی دی، کۆمەڵگای چینایەتی کە لەسەر جێگا و ڕێگای جیاوازی ئینسانەکان لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئەواندا هەڵچنراوە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ ئینسانەکان دروستدەکات، تەنها لە ڕێگای هەلوەشاندنەوەی کاری کرێگرتەوە ئەنجامدەدرێت کە پرۆلیتاریا توانای بە ئەنجامگەیاندنی هەیە. ئەمانەش هەمووی بە مەرجێك پرۆلیتاریا ئەو ئیرادەیە لە خۆی نیشانبدات"

مارکس لە " ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ"دا بە شێوەیەکی زۆر هەمەلایەنە لە پەیوەندی بە پرۆسەی ئازادی ئەڵمانیادا ئەمە ڕووندەکاتەوە:"چۆن فەلسەفە لە پرۆلیتاریادا کەرەستەی چەکی خۆی دەبینێتەوە، هەروەهاش پرۆلیتاریا لە فەلسەفەدا چەکە ڕۆحییەکەی خۆی دەبینێتەوە"

بەڵام تەفسیری جۆراوجۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە پرۆلیتاریا، بە پێی ئەو بەرژەوەندییەی کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەشوێنیەوە بووە، وێنەی جۆراوجۆری پرۆلیتاریامان پێشکەش دەکات کە لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی وڵاتە جیاوازەکاندا گەلێك لێکچوونی نزیکییان هەیە.

وێنەی کرێکار لە بەشێکی زۆری هونەری نیگارکێشاندا لە سەرتاپای جیهاندا و بە کوردوستانیشەوە، وێنەی "هەرقل"ێکە کە بازووی گەورە و ماسولکەکانی دەبێتە پەیام. بە واتایەکی دی، ئەو ڕزگارکەرەی لەم وێنانەدا نیشاندەدرێت، ئەو پاڵەوانە نییە کە مارکس ڕۆڵی ئەم شۆڕگێڕەی پێدەبەخشێت، بەڵکو قارەمانێکە کە توانا فیزیکییەکانی وەك داینەمۆی ئاڵوگۆڕپێهێنەر لە سەنتەردایە. لە کۆنتێکستێکی کوردیدا، سەرنجدانی ئەم وێنە شیعرییەی کە لە ڕێگای چەپی ئێرانەوە دێتە ناو بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق، دەکرێ سیمای ئەم قارەمانەمان پیشانبدات کە هەزاران فرسەخ لە دیدی مارکسەوە دوورە. لە دەورانی شوراکاندا، شیعاری :" سەرمایەدار چەك دانێ، لەش و لارت نایتوانێ"، گێڕەرەوەی وێنەی قارەمانێکە کە بازووی بەهێزی و ماسولکە گەورەکانی: لەش ولار توانینی، ئاستی شۆڕشگێڕبوونی ئەو دەنەخشێنێت.

وێنەی ئەم پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕە، کاتێك بە تەواوەتی دەردەکەوێت کە لە بەرانبەر دژە وێنەی خۆیدا دادەنرێت. بە واتایەکی دی، وێنەی بۆرژوازی وەك دژە چینی پرۆلیتاریا. بۆرژوازی لەم دژە وێنەیەدا و لە هونەری نیگارکێشان و شیعریشدا، کائینێکە کە ورگێکی زل و غەبغەبەیەکی چەند کیلۆیی سادەترین تایبەتمەندییەکانییەتی. ئیتر بۆرژوازی نەك بەوەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی تایبەتییە و دەکرێ وەزنی لە پەنجا کیلۆش تێنەپەڕێت، توانای ڕاگرتنی سیستەمی کاری کرێگرتەی هەیە، بەڵکو سیمای جەستەیی ئەو دەبێتە جێگای تێڕامان. هیچ کام لەم وێنانە، بە وێنەی پرۆلیتاریا و بۆرژوازیشەوە، تەماشاکردنی دوو چینی کۆمەڵگای سەرمایەداری نین وەك ئەوەی مارکس لێی دەدوێت، بەڵکو دروستکراوی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرترن کە جەوهەری ڕەخنەی خۆی لە سەرمایەداری لە ڕەخنەیەکی ئەخلاقیدا چڕدەکاتەوە. هەر بۆیەش لە دوا ئەنجامدا ئێمە خۆمان لەبەرانبەر دوو کائینی دیکەی دروستکراودایـن بە چەندین تایبەتمەندی شەخسی دروستکراوەوە.

ئەگەر کەمێك بگەڕێنەوە سەر وێنەی ئەو پڕۆلیتاریایەی کە کەرەستەی ڕەخنەکانی بەشێکی ئەمڕۆی شەقامی کوردییە, کرێکارانی بیناسازی و پڕۆلیتاریایەك کە داخی کردۆتە دڵی خاوەن ماڵە تازەکانی کوردستانەوە , ئەوا دەکرێ خۆمان لەبەرانبەر وێنەیەکی دیکەی پڕۆلیتاریادا ببینینەوە کە تایبە تمەندی بەشێکی بەرچاوی بزووتنەوەی چە پی کوردوستان بووە, نەك هەموو ڕەوتەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ.

"بابە گیان هەناوم ڕەش بۆتەوە بە دەست کرێکارەوە, کەس ئامادە نییە کار بکات, یان بە ئارەزووی خۆیان کار دەکەن. ئەمە ئەو پڕۆلیتاریایە کە چە پەکان بە شان و باڵیدا هەڵدەدەن."

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا, ئەم دەربڕینە دوو شتی جیاواز لە خۆیدا هەڵدەگرێت. یەکەمییان وێنەی پڕۆلیتاریایە وەك قارەمانێکی ڕزگارییەخش, بەڵام ڕزگارییەخشی کامە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی, هێشتا ڕۆشن نییە. دووەمیان: وێنەی پڕۆلیتاریایەکە کە تەنها لە شیعاری سیاسیدا وێنەی قارەمانئاسای خۆیمان نیشاندەدات, نەوەك کاتێك سنوورێك بۆ فرۆشی کاری خۆی دادەنێت و خۆی بڕیاردەرە بە کێی دەفرۆشێ و بەکێی نافرۆشێ.

بەڵام بەشی دووەمی ئەم وێنەیە هێندەی لەو تایبە تمەندییە دروستکراوانەدا خۆی دیلدەکات کە بە کرێکاروە لکێنراون, هێندە بە شوێن تایبە تمەندیی کرێکارەوە نییە وەك ئەوەی مارکس باسی لێوەدەکات. بە واتایەکی دی, ئەم پاڵەوانە ڕزگارییەخشە, بە شوێن و جێگای تایبەتی خۆیەوە ناناسرێتە وە کە ئەگەر دەست بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بەرێت بە شوێن ئاما نجی بزووتنەوەکەی خۆیەوە, بەڵکو هێشتا بە شوێن ئەو تایبە تمەندییە شەخسی و دروستکراوانەوەیە کە بە کرێکارەوە لکێنراون و داوای لێدەکات لەبەر ئەوەی قارەمانی ڕزگارییەخشە, دەبێ کوڕی چاك بێت و ملکەچی یاسکانی بازاڕ بێت و لە سنورییان نەچێتە دەرەوە. من تەئکید لەسەر کوڕی چاك بوونی کرێکار دەکەم, چونکە تا ئێستاش وێنەی کرێکار لە زەینی گشی کۆمەڵگای کوردوستاندا وێنەی پیاوە نەك ژن.

ئەوەی ڕەخنەی شەقامی ئێستای کوردی لە کرێکارانی بیناسازی دەیگێڕێتەوە, کاڵبوونەوەی وێنەی قارەمانێکە کە پەیامی بەشێکی زۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە کرێکارییان خوڵقاندووە و لە سنووری تایبە تمەندییە فەردی و شەخسییەکانی ئینسانێکی باشدا دەسورێتەوە. ئەگەر ئەو قارەمانێکی ڕزگارییەخشە , دەبوایە کەڵەکچی نەبوایە و بەو شێوەیە ببوایە کە ئێمە چاوەڕوانیمان لێی هەیە, ئەمە ئەو پەیامەیە کە بە زمانێکی سادەتر دەیەوێت بدوێت. هاوکات شەقبوونی ئەو وێنەیەیە کە کرێکار و کرێکار بوونی وەك دیاردەیەکی پۆزەتیڤ نەخشاندووە و یەك خەرمانەی موقەدەسی بە دەوردا گێڕاوە.

بەڵام ئەم وێنەیە کە تیایدا پڕۆلیتاریا قارەمانە, تایبە تمەندییەیکی خۆرهەڵاتییانەیشی هەیە کە زیاتر لە وێنەی ئەو "الناجی"یانە نزیکدەبنەوە کە ڕوخسارێکی پێغەمبەرئاسایان هەیە وبێغەلوغەش نیشاندەدرێن. وێنەیەك کە کەمتر لە پاڵەوانەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەچن کە ئومێدیان بە گەیشتنی "ڕزگارییەخشێك" نەماوە و سۆپەرمان تەنها لەسەر شاشەی سینەماکان دەکرێ سۆپەرمان بێت نەوەکو ئومێد و خەونێکی گەورە ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت. بەڵام لە وێنەی "پێشمەرگە" و "پڕۆلیتاریادا", قارەمانێکی بێغەل وغەش و ڕزگارییەخش, بە هەموو قورساییەکانی کە ئەم وێنانە لەسەر زەینی ئینسان دایدەنێن. ئامادەییان هەیە.

کرێکاربوون لە خۆیدا شایەنی ڕێزلێنان و بە پیرۆز سەرنجدان نییە. ئەمە نەك بە مانای ڕێزنەگرتن لە کەسی کرێکار. ئەوەی کاری پیرۆزکردووە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەو دیدە ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە کە "کاسب بە حەبیبی خوا" لە قەڵەم دەدات. کرێکارێك کە پاڵەوانی ڕزگارییەخشی کۆمۆنیزمی مارکسە, خودی چەمکی کرێکار و کرێکار بوون هەڵدەوەشێنێتەوە بە مێژووی دەسپێرێت. ئەو تێناکۆشێت تا کرێکاربوون وەك شوناسێکی ئەزەلی و ئەبەدی بهێڵێتەوە, بەڵکو ئەو لە سڕینەوەی شوناسی کرێکاربوونەوە کە هاوشانە بە سڕینەوەی کاری کرێگرتە, شوناسی ئینسانی خۆی دەدۆزێتەوە. واتا پڕۆلیتاریای مارکس, قارەمانێك نییە تا لەسەر تەختی پیرۆزی دانیشێت, بەڵکو خودی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. واتا ئەگەر بە زیندووگەڕانەوەی قارەمان لە جەنگدا, سەرەتای نمایشی قارەمانناسای پاڵەوان دەسپێدەکات, ئەوا پڕۆلیتاریای مارکس, ئەم گەڕانەوەیە لە مەرگی خودی پڕۆلیتاریادا تەواو نمایشدەکات.
بەڵام کرێکار خۆیشی وەك هەر تاکێکی کۆمەڵگا ئەگەر بە شوێن ئەو پەیامە سیاسییەی بزووتنەوەی سیاسی خۆیەوە نەبێت و بۆ ڕزگارکردنی خۆیی و کۆمەڵگا تێنەکۆشێت, دەکرێ قارەمانێکی دیوەزمەی خوڵقێنەری دڕندانەترین سیستەمی تۆتالیتاری وەك نازیزمی ئەڵمانی بێت. هیچ هێزێك لە کوردستاندا بەقەدەر یەکێتی و پارتی ئەحزابی کرێکاری نین. ئەمە بەوەی کە پەیکەرەی گەورەی ئەندامانی ئەم دوو هێزە سیاسییە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانن و زەخیرەی گەورەی بەرهەمهێنانەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردن کە دژایەتییەکی گەورەی بە پەیامی ئەو کرێکارانەوە هەیە کە مارکس ڕۆڵی قارەمانییان پێدەبەخشێت.
ئەو پڕۆلیتاریایەی کە جێگای سەرنجدانی مارکسە, پڕۆلیتاریایەکە کە لە دۆخی" چین لە خۆیدا" خۆی کردووە بە "چینێك بۆ خۆی". بەڵام ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستاندا خۆمانی لەبەرانبەردا دەبینینەوە, کۆششی بەشێك لە پڕۆلیتاریای بیناسازییە کە گەشە و ڕەونەقی سەرمایەداری کاردانەوەیەکی خۆڕسکانەی پێبەخشیو ە و هێشتاکە لە دۆخی "چین لە خۆی"دا خۆی نەگۆڕیوە بۆ "چین بۆ خۆی" .

ئەگەر کارکردنی بەشێکی زۆری کرێکارانی بیناسازی بە خواستی خۆیان لەم پڕۆسە کاتییەی ڕەونەقی ئابووری کوردستاندا, وێنەی قارەمانی چەپ لە کرێکارێکی گوێڕایەڵی یاسکانی بازاڕ و کوڕی چاکەوە دەگۆڕدرێت بە کابرایەکی تەمبەڵی کارنەکردووی دەسبڕ, وەك قسەڵۆکەکانی بەشێکی شەقامی کوردی دەیگێڕێتەوە, هاوکات کرێکار دەخاتەوە شوێنی خۆیی و تەواوی ئەو تایبەتمەندییە دروستکراوە شەخسییە پۆزەتیڤانەی بەم پاڵەوانەوە لکێنراوە دەگۆڕێت و دەبێتەوە بە و قارەمانەی کە مارکس لە مێژوودا دەیدۆزێتەوە. کرێکارێك کە دەکرێ "کوڕێکی باش" نەبێت بەڵام قارەمانێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی کۆمەڵگایەکی باشتر بێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەرنەفرەتکەوتنی کرێکارانی بیناسازی لەمڕۆدا کاتێك دەیەوێت کاری خۆی بە ئارەزووی خۆی بفرۆشێت, کۆششی ئەو دیدە سیاسیەیە کە خوازیارە قارەمانا دروستکراوەکەی

دەستی لەو بەرگەدا بمێنێتەوە کە ئەو خوازیاریەتی, وێنەیەك کە کرێکاری لە تایبەتمەندییە شەخسی و زاتییەکانی ئەودا قەتیسکردووە ئەفسانەیەکی سەیری ئاسمانی لەم کائینە خوڵقاندووە, نەك بەوەی ئەم کائینە لە واقیعدا چۆنە, بەڵکو بە پێی خواستەکانی ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەم جۆرە کرێکارەی پێویستە.